

# مارکس لە ڕوانگەی فۆکۆوە

لەفارسییەوە: سەرهەنگ عەبدولڕەحمان

فۆکۆ مارکسی نییە. خۆشی ئەمە، هەم بەو کەسانە دەڵێت، کە پێیانوایە ئەو مارکسییەو هەم بەو گروپەشی، کە نایانەوێت مارکسی بێت. ئێستا ئێمە بڕیارە بەهۆی فۆکۆوە ئەم قسەیە دووبارە بکەینەوە، بەڵام ئەمە کارێکی گرنگ نییە، کە جارێکی تر بڵێینەوە فۆکۆ مارکسی نییە، ئەمەش بیسەلمێنین کە ئەو دەبوایە مارکسی بوایە، یان ئەمەی کە لە مارکسی بوونی خۆی ناڕازی بووە، دیسانەوە شتێکی زۆر گرنگ نییە، لەبەرئەوەی هەموومان ئەمە دەزانین، هەروەها دەربڕینی ئەم وتەیەی کە فۆکۆ بە شێوەیەکی پەرگیر مارکسی بووە، چونکە ڕۆژگارێک هەندێک کەس دەیانەویست ئەم کارە بکەن، تا لەبەرچاوی بخەن. ئەو شتەی کە بۆ ئێمە گرنگە، ئەو پەیوەندییەیە کە فۆکۆ، بە وردی لەو ڕووەوەی کە مارکسی نەبوو، لەگەڵ فەلسەفەی مارکسدا دروستی کردووە. لە سەردەمێکدا کە هەندێک کەس دەڵێن، لە دوای پاشەکشەی مارکسیزم- لینینزم جارێکی تر بیرکردنەوە لەگەڵ مارکس شتێکی گونجاوە. لە سەردەمێکدا کە دەبینین قەیرانی مارکسیزم لە پشتەوە چاودێریمان دەکات، دەبێت بگەڕێینەوە بۆ بەرهەمەکانی فۆکۆ، چونکە ئەو بەردەوام لە مارکسەوە نزیک بووە و بێ ئەوەی کە خەیاڵ بکات بۆ وەفاداری بەرامبەری دەبێت کوێر بێت. نیشانەشی ئەمەیە کە هیچ کاتێ چاوەڕوانی مردنی مارکس نەبوو، تا سەرلەنوێ

زیندوییكانەوە. فۆكۆ هەرگیز نە ویستویەتی ماركس بكوژێت و نە ڕزگاری بكات. تەنیا زۆر بە سادەیی لەو كارە فكرییانەدا كە دەربارەی ئەندێشەی ماركس ئەمجامیداوە، ڕووبەرووی بەرهەمەكانی ماركس دەبێتەوە و ئەو بە یەكێك لە گەورەترین فەیلەسوفە زڕەكان دەخاتەڕوو، كە پێشنیاری خوێندنەوەی بیروڕاكانیمان بۆ دەكات، هەندێ جار بۆ دژایەتیكردن و ڕەخنەگرتن لەو شتانەی كە لەوێدا دەربڕاوە و هەندێ جار بۆ ئەوەی كە توێژینەوەكانی خۆی بە هۆی ئەوانەوە دەوڵەمەند بكات. بەر لە ئێمەش كەسانی تر ترس و نیگەرانی بەردەوام و هەمیشەیی ماركسیان لە بەرهەمەكانی فۆكۆدا خستۆتەڕوو، كە لە ناویاندا دەكرێت ئاماژە بە (میشێل فۆكۆی فەیلەسوف)نوسینی ئاتین بالیبار و لە ناو كارەكانی دواتریشدا وتاری مارتین كوكورس لە بڵاوكراوەی (ئاكتوئل ماركس) بە هاوكاری روبەرتۆ نیگر لە (فەرهەنگی هاوچەرخی ماركس) بكرێت. بۆ ئەو كەسانەی كەوا بیردەكەنەوە هەرجۆرە ڕەخنەو سوكایەتیكردنێكی ماركس تەنیا دەكرێت هەڵقوڵاوی بێ ئاكاری و دزێوی بێت و بەرهەمەكانی فۆكۆ لە گرنگی دامەزران بەرخوردارن. (فۆكۆ زیرەكی و دانایی خۆی، تا ڕادەیەك قەرزداری بیركردنەوە دەروونییەكانی ماركس بوو.)

بەهەرحاڵ ئەو عادەتی نەبوو ئەم نزیكیە بە گەڕانەوە ڕاستەوخۆكان بۆ ماركس لە بەرچاو بگرێت: (زۆربەی كات وابۆم دێتە پێش، كە چەمك و گوزارشت و دەقەكان لە ماركسەوە دەگوازمەوە، بەڵام بەبێ ئەوەی كە هەست بكەم، ناچارم پارچەیەكی بچووك كە نیشانەی رەسەنایەتی ئەم كارە بێت بخەمە سەری، پارچەیەك كە برینی بێت لە گێڕانەوەی قسەیەكی ماركس، هێنانی دەقاودەقی سەرچاوەیەك لە كۆتایی لاپەڕەكەدا و بەستنەوەی گوزارشتێكی ستایش ئامێز بەو قسە گێڕانەوەیە. ئەو كارانەی كە مرۆڤ بە هۆیانەوە وەكو كەسێك كە ماركس دەناسێت و ڕێزی لێدەگرێت، لێكدەدرێتەوە، پاشان دەبینێت كە هەندێ بڵاوكراوە بە زاراوەی ماركسێنی ستایشی دەكەن. من لە ماركسەوە دەیگوازمەوە، بێ ئەوەی كە قسەی تێدا بكەم.) لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، فۆكۆ لە پەراوێزی كتێبەكانیدا و لە چەند وتارو كۆڕێكدا، ماوەیەك وای نیشاندا كە فەلسەفەی ماركس لە چ روویەكەوە بۆ ئەو گرنگی هەیە. وەكو نموونە لە (بازنەكانی دەسەڵات»دا ئەو بە وردی نیشانیدەدات چۆن هەندێ لە بەشەكانی بەرگی دووەمی (سەرمایە) بۆ لە دایكبوونی توێژینەوەیەكی واقیعی لە دەسەڵات بەرجەستە بووە. لەم بارەیەوە فرانسوا ئاوالد مامۆستایانە نیشانیداوە، كە فۆكۆ بە چ شێوازێك لە (چاودێری و هۆشیاركردنەوە) دا توانیویەتی هەندێ لە توێژینەوەكانی ماركس بە كاربهێنێ و لە هەمانكاتیشدا تەواویان بكات. دەبوایە شێوازی ماركسی دروست بكردایەتەوە كە فۆكۆ تا ئەو ڕادەیە قەرزداری ئەو بوو، ماركسی كە گوێیەكانی خۆی بە قەرز دابوو بە فۆكۆ تا (نەڕەی شەڕو جەنگی گوێ لێ بێ) فۆكۆ ئەمەی كە توانیبووی (دیمەنی ژێردەستانی كۆمەڵگە) وەربگرێت، قەرزداری ئەو بوو.

لە بەرهەمەكانی فۆكۆدا، رووبەرووی ماركسێكی تر دەبینەوە، جگە لەوەی كە فۆكۆ بە ئاشكرا ئەو بە ماركسی ساختە ناو دەبات، و بابەتەكە زیاتر وەسفكردنی دێرینە ناسی و ڕەچەڵەكناسی بوو، كە هێشتا لە ڕوانگەی ئەو

ساڵی دەیەم .... ژمارە (٤٥) تەموزی ٢٠١٤
گۆڤارێكی فكری، فەلسەفییە، دوو مانگ جارێك دەردەچێت

**فۆکۆ لە نێوان مارکسێکی ڕاستەقینەدا، کە ئەو خۆشی دەوێت و بە نهێنی لەگەڵیدا بیردەکاتەوە و جیاوازی دەکات لەو مارکس و مارکسیانەی، کە بۆ ساتێکیش دەست لە ڕەخنەگرتنیان هەڵناگرێت**

مارکسیسنانەی که پشت بەو جۆرە لە مارکس دەبەسنن، بێ کۆنا قورس دێنه بەرچاو. وێڕای ئەمە ئەو پەیوەندییەی کە فۆکۆ لەگەڵ مارکسدا دروسنیکرد، یەک لایەنە نییە. ئەم پەیوەندییە هەر پەیوەست نییە بە چاولێکردنی ئەو مارکسییە نییە، کە فۆکۆ هەرگیز دەست لە جیاکردنەوەی هەڵناگرێت، مارکسێک کە ژمارەیەکی زۆر جەدەلی گەشاندۆنەوە، و بە هەمان ئەندازە مارکس مرۆڤ باوەڕ و مێژوو باوەڕی (دەسنەواژەکان و شنەکان) ە، کە مارکسی بیریار حکومەت کە نوێژینەوە وێکچووەکانی دەسەڵات لە (چاودێری و هۆشیارکردنەوە)دا رووبەروویدەکانەوە.

هەموو بەو جۆرە ڕوودەدات، کە وەکو بڵێیی نوسەرێک دەتوانێت هاوکات بابەتی بیرکردنەوەی مەعریفە ناسی و جۆرێکی تایبەت لە ناساندنی (دێرینە ناسی، پاشان ڕەچەڵەکناسی) بێت، و لە هەمانکاتدا کەسانی تری وەک نیچە، یەکێک لە ناوەندەکانی بێت کە ڕەگ و ڕیشەی ئەو جۆرە ناساندنەش، تەنانەت لەم سەرچاوانەدا بەرجەسنە دەبێت. بۆ نموونە ئاشکرلیە کە مارکس، بە یارمەتی لە فۆکۆ لە بیرکردنەوە وێکچووەکانی دەسەڵات، مۆڵەتی پێدەدات، تا ئاراستەی ڕەچەڵەکناسی یەک پارچە وەربگرێت، تا لە پێچەوانەکەیدا بنوانێت پەردە لەسەر ئەو شەڕانە لابدات، کە هەروەکو هەمووومان دەیزانین، مارکسیزمیشی پێوە سەرقاڵ بووە. بەلای فۆکۆوە ئەو ڕەچەڵەکناسیەی لە مارکسیزمدا هەیە، کە لە پشنەوە خواسنە فەرمی و فەرهەنگسنانییە (کۆمۆنیست ناسیە) جۆراوجۆرەکان نیشاندەدات (مارکسیزمی پەنی بوونی نییە.) وێڕای ئەمە ئەو ڕەچەڵەکناسیە ئاشکرا دەکات، کە ئەندێشەی یەک لایەنەی بەرجەسنەکراوی مارکس بە هۆی ئەوەوە هەڵوەشاوەیەوە.

هەمان قسەش دەتوانرێت لە بارەی دێرینە ناسیەوە بوترێت: لێرەدا ئەو پرسیارەی خوارەوە خۆی بەرجەسنە دەکات: مارکس چۆن دەکرێت بۆ فۆکۆ هەروەکو پێشوتر بهێنینەوە یادی خۆمان، (سەرچاوەیەکی دژ بەیەک) بێت؟ چونکە لە هەمانکاتدا کە ئەو ڕەخنە لە مارکس دەگرێت و ئەوی لە پەیکەرێکی دیاریکراو لە زانسندا داناوە، یان سود لەو وەردەگرێت، بێگومان پێگەیەکی تایبەتیشی پێدەدات. گریمانەی ئێمە ئەمەیە: فۆکۆ هەر بەوەوە نەوەسناوە، کە پرسێکمان بە میرات بۆ بەجێبهێڵێت، کە شەخسی خۆی تەنانەت زەحمەتی خستنەرووشی بەخۆی نەداوە، بەڵکو ئەو هەوڵیداوە بە کەماڵی پەیوەندییە تایبەتیەکانییەوە بیر لە مارکس بکاتەوە. وێڕای ئەمە ئایا فۆکۆ بەم پەیوەندییەی کە لەسەر بنەمای ئەوە مارکس دەتوانێت هاوکات وەکو یەکێک لەسەرچاوەکانی ئەندێشەی ئەو، هەروەها وەکو ئامانجی هەمیشەیی و تایبەت، ڕەخنەکەی دەربکەوێت، بیریکردۆتەوە؟ لە سەرەتادا دوو وەڵام بە مێشکیدا دێت، بەڵام ئەم وەڵامانە بەس نین، بۆئەوەی لە باتی رووبەرووبوونەوە لە مەسەلەکە، سیمای ئەو پاک بکەنەوە. یەکەم لەسەر ئەم بنەمایە وەسناوە کە فۆکۆ لە نێوان مارکسێکی ڕاسنەقینەدا، کە ئەو خۆشی دەوێت و بە نهێنی لەگەڵیدا بیردەکانەوە و جیاوازی دەکات لەو مارکس و مارکسیانەی، کە بۆ سانێکیش دەست لە ڕەخنەگرتنیان هەڵناگرێت و لە دژیان بیردەکانەوە.

بە مجۆرە وەسفێک لە مارکس کە لە (واژەکان و شنەکان) بەردەسنکەوتوە، پەیوەست دەبێت بە مارکسێکەوە، کە لەلایەن ئەو مارکسیانەوەی کە پشت بەو دەبەسنن، گۆڕاوە. ئەم بەڵگاندنە ڕێگە بە فۆکۆ دەدات، تا هەم سارتەر و هەم ئاڵتۆسێر بە یەک گۆچان لێ بخورێت. بەم شێوازە، (چاودێری و هۆشیارکردنەوە)ش لەسەر قسەکانی تەنیا بە هەندێ گێڕانەوەی کۆتایی خواز و هاوچەرخ لە ڕوانگەی مارکسیسنی حکومەتەوەیە. وێڕای

ئەمە شتێکی ئاشکرایە کە ناتوانرێت وا پیشان بدرێت، کە وەکو بڵێی لە ماوەی ئەو توێژینەوانەی کە بە ئاشکرا پەیوەستدەبێت بە مارکسەوە، فۆکۆ تەنیا ڕووی قسەی لەگەڵ چەند مارکیستێکی هاوچەرخی خۆیەتی، مەگەر ئەوەی کە یەک لایەنە لە بارەی پێگەی ناساندنی دێرینە ناسییەوە، تەنانەت بە هەڵەدا بچێت، بێگومان بێ ویژدانییەکی وەرگیراوە، ئەگەر نکۆڵی لەوە بکەین، تا ئەو ڕادەیە بچینە پێش کە لایەنی جەدەلی ئەم دەقانە قسەکردنە لە بارەی مارکسەوە، بەڵام بێگومان جۆرەکانی ئەو مارکیزمانەی کە فۆکۆ گاڵتەی پێدەکات، لە ڕوانگەی ئەوەوە کە سەرسپاردەی نیچە بوون، ئەو دەمامکانەن بۆ خودی مارکس و ئەو ڕوخسارانەن کە ئەو دەتوانێ لە خۆیان بگرێت. فۆکۆ لەو کۆمەڵە کەسانەیە، کە گەورەیی هزرێک کاریگەری لەسەری هەیە و سەرنجی ڕادەکێشێت و هزر دەخولقێنێ. مارکس نوسەرێک نییە، کە فەلسەفەکەی تەنیا بە هەندێ بەرهەمی دیاریکراو و تاک و تەنیا تەواو ببێت، بەڵکو ئەو هەروەکو فرۆید دامەزرێنەری قوتابخانەیەکی تیۆرییە، کە لە دوای ئەو کەسانێک کاریان تیادا کردووە، واتە ئەو (بونیادنەری گوتارمەند (discur sivite) .)یە.

چارەنووسی ئەم فەلسەفە مەزنە، واتە فەلسەفەی مارکس، تایبەتمەندییە، بەڵام بە هەرحاڵ ئەو شتەی تێدا بەدیدەکرێت کە ئەو کەسانەی کە خۆیان بە مارکسی دەناسێنن، ئەنجامی دەدەن، دووەمین وەڵام بۆ یادەوەری شوێن (سندوقی ئامێر) دەگەڕێنەوە، کە فۆکۆ حەزی دەکرد، بەهەمان شێوە کە نازناوی دابووە بەرهەمە تیۆرییەکانی، هی نووسەرانی تریش کە سودی لێوەردەگرتن بەمجۆرە ناو دەبرد: (مارکس بۆ من بوونی نییە) مەبەستم ئەم جۆرە بوونەیە، کە لە دەوری ناوێکی تایبەتدا دروستکراون و هەندێ جار بۆ یەک کەس دەگەڕێنەوە، هەندێ جار بۆ گشت , ئەوەی کە ئەو نوسیویەتی و هەندێ جاریش بۆ ئەو ڕەوتە مەزنە مێژووییەی کە لەوەوە سەرچاوە دەگرێت. بە تەواوی مافمان هەیە کە مارکس بۆ سیمایەکی (فەرمی و فەرهەنگستانی) بگۆڕێت، بەڵام ئەم بەدحاڵیبوونە تەقینەوەیەکە ئەو بەرپایکردووە.) لەگەڵ ئەوەشدا ئەم تەقینەوەیەی کە فۆکۆ قسەی لە بارەوە دەکات، لە هەمان ساتدا ڕووی نەداوە، ئەو مارکسە جیاوازانەی کە لەناو بەرهەمەکانی فۆکۆدا سەر دەردەهێنن دەرکەوتنی پەرش و بڵاوی بنەڕەتی




و سەرەتایی نین، هەروەک چەندین و چەندین مارکس پێشتر لە کاری فکری فۆکۆدا ئامادەگییان هەبووە. ئەم تەقینەوەیە ڕێک زیاتر بەهۆی هەڵبژاردنە تیۆری و سیاسیەکانی فۆکۆوە دروستبووە و بەرهەمی ئەو پەرش وبڵاوییەیە کە ئەندێشەی فۆکۆ بەرلەوە بەرجەستە بووە. وێرای ئەمە فۆکۆ خۆشی بیری لەم پەرش و بڵاوییە



فۆکۆ

کردۆتەوە، کە دەبێتە بەربەست لەوەی تا تیۆری (جێ ئامێر) تەواو بکەین.

... بە واقیع ساتێکی تایبەت لە بەرهەمەکانی فۆکۆدا هەیە، کە ئەو لەو ساتەدا بە پلە و پێگەی مەعریفە ناسی مارکس و بەقوڵی بیر لە پێگەی سەرچاوەی دژ بەیەک دەکاتەوە. و هەمان ساتیشە کە لە (دەستەواژەکان و شتەکان) بە (دێرینە ناسی زانست) کۆتایی پێدێت.

**ئەنجام:**

لە کۆتاییدا بۆئەوەی لەو پەیوەندییە دژ و ناکۆکەی کە فۆکۆ لەگەڵ فەلسەفەی مارکسدا دایمەزراندوە تێبگەین، ئەو فەلسەفەی مارکس دەخاتە هەڵبەز و دابەزی ئەو ژمارە یەکتربڕەی، کە دێرینەناسی لە ڕوانگەی رووبەر و هێزەوە جیاوازی لە نێوانیاندا دەکات. بە درێژایی دەسکەوتە تیۆرییەکانی مارکس، پێش هەرشتێک فۆکۆ توانای دەرکپێکردنی (سوڕانی ڕیکاردۆ)ی بەو جۆرەی کە لە (دەستەواژەکان و شتەکان)دا باسیکردووە، دەدۆزێتەوە، ئەو سوڕانە بایۆلۆژییەی کە تەنانەت بەهۆیەوە، شێوەی فەلسەفەی مێژووی تێدا بەرجەستە دەبێت. لەم ڕوانگەیەوە مارکس هیچ پچڕانێک لە ئاستێکی زۆر قوڵی زانستیدا نانوسێت، بەڵام ئەم کارە بەهۆی لادانی دەروونی لە ناو ئەو تۆڕەی کە پێشتر بوونی هەبووە،ڕوو دەدات: مارکس، وەکو بیرمەندێکی زۆر بەنرخ، هەروا پەیوەستە بە سەدەی نۆزدەوە. لەگەڵ ئەمەشدا مارکسێکی تریش هەیە، کە دامەزرێنەری پچڕانی بەردەوامە لە زانستدا و لە هەمانکاتدا گوتاری ڕەخنەیی بڵاوەکانەوە، کە دەتوانرێت لە بابەتی ئابووری سیاسەتدا بە کاربهێنرێت و هەمان گوتاری ڕەخنەیی تەنانەت توانای دێرینە ناسیش فەراهەمدەکات، و ئەم مارکسە هەمان مارکسی بیرمەندی مێژووە.

فۆکۆ بە قووڵی بیر لە ڕەهەندی دەروونی فەلسەفەی مارکس دەکاتەوە. هەموو شتێک بەوجۆرە ڕوو دەدات، کە وەکو بڵێی جۆرێک لە پەیوەندی لەگەڵ مارکس، کە لە سەرەتادا نا فەلسەفیانەیە، پاشان بە تێپەڕینی زەمەن ئاشکرا و ئاگایانە دەبێت، پێش مەرج ڕوونترین ڕەخنە کە لەوی کردووە (ڕەخنەی فۆکۆ) یە. هەروەکو بڵێی هەموو توانای تیۆری مارکس لە ڕەخنەکەیدا خۆی دەنوێنێ، کە فۆکۆ لە خودی ئەوی دەکات. ئەمەش کارێکە یەکسەرە بەدەر لە گەڕانەوەی وەج لە مارکسێکی ڕاستەقینە، کە بە دژی فریوکارییە دیارەکان، سیمای بێ خەوش و ڕاستەقینەی ئەو لە قەڵەم دەدرێت. وتەی کۆتایی ئەوەیە کە، ئەمەی کەسێک، بێ ئەوەی هەرگیز خۆی بە مارکسی بناسێنێت، بە ئاشکراکردنی بەرهەمە روخێنەرو بێزارکەرەکانی ڕەخنەگرانی ئاسایی و ئەکادیمی لە بارەی مارکسەوە، ئەو لە شەڕی ئەم جۆرە یارییانە ڕزگاربکات، پەسەندترین ئەدای ڕێزە، کە دەکرێت دەرهەق مارکس ڕەوا بێت.

**سەرچاوە:**

-ساینی باشگاه اندیشه